ئایا کەمیتار ڕاوە (نێچیرە بۆ خواردنی گۆشتی)؟ جابر ووتی: بەڵێ

لە ئیبن ئەبی عەمارەوە دەڵێت: ووتم بە جابر: ئایا کەمیتار ڕاوە (نێچیرە بۆ خواردنی گۆشتی)؟ جابر ووتی: «بەڵێ»، ووتم: ئایا (گۆشتەکەی) بخۆم؟ ووتی: «بەڵێ»، پێیم ووتم: ئایا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- «ئەمەی فەرمووە؟ ووتی: «بەڵێ.

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە - دارەمی گێڕاویەتیەوە]

تابیعیەک بە ناوی ئیبن ئەبی عەمارەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- پرسیاری لە جابری کوڕی عبدالله کرد -ڕەزای خوایان لێبێت- : سەبارەت بە حوکمی خواردنی گۆشتی کەمتیار، ئایا دروستە ڕاو بکرێت وگۆشتەکەی بخورێت؟ ئەویش (جابر) وەڵامی دایەوە: دروستە -جائیزە-، پاشان ئیبن ئەبی عەمار دیسانەوە پرسیاری کرد سەبارەت بە ئەم فەتوایە، ئایا جابر لە خۆیەوە ئەمە دەڵێت یان لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی بیستووە؟ ئەویش (جابر) پێی ووت کە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی بیستووە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64646